# Module (Course Syllabus) Catalogue

# 2023-2024

| | | |
|---|---|---|
| **College/ Institute** | Erbil Administrative Technical Institute | |
| **Department** | Business Administration-Morning | |
| **Module Name** | Kurdology & Human Rights | |
| **Module Code** | **KUR101** | |
| **Degree** | **Technical Diploma** [√] **Bachler** [ ]<br>**High Diploma** [ ] **Master** [ ] **PhD** [ ] | |
| **Semester** | **First** | |
| **Qualification** | **PhD** | |
| **Scientific Title** | **Assistant Lecturer** | |
| **ECTS (Credits)** | **5** | |
| **Module type** | **Prerequisite** [ ] **Core** [ ] **Assist.** [√] | |
| **Weekly hours** | **3** | |
| **Weekly hours (Theory)** | **(3)hr Class** | **(135)Total hrs Workload** |
| **Weekly hours (Practical)** | **(  )hr Class** | **(  )Total hrs Workload** |
| **Number of Weeks** | **12** | |
| **Lecturer (Theory)** | Karwan Mahdi Osman | |
| **E-Mail & Mobile NO.** | karwan.osman@epu.edu.iq<br>karwanmahdi@gmail.com<br>00447925176743 | |
| **Lecturer (Practical)** | | |
| **E-Mail & Mobile NO.** | | |
| **Websites** | https://academicstaff.epu.edu.iq/faculty/karwan.osman<br><br>www.linkedin.com/in/karwanosman | |

# Course Book

| | |
|---|---|
| **Course Description** | خوێندنی کۆرسی کوردۆلۆجی خۆی دەبینێتەوە لە ئاشنابوون بە پوختەیەک لە پاشخانی زمان و ئەدەب و جوگرافیاو مێژووی نەتەوەی کورد، ئەمەش لەڕێگەی سەرچاوەکانی کوردناسی و گروپە کوردناسەکان و زمانەوان و ئەدیبان و مێژووناسانی کوردو ڕۆژهەلاتناسەکان.<br><br>هەڵبەتە لەسەر هەر تاکێکی کۆمەڵگاو هەر هاوڵاتییەکی هەرێمی کوردستان پێویستە ئاگاداری زانیارییە فەرهەنگی و کولتوورییە بنەڕەتییەکانی میللەتەکەی بێت و هوشیار بێت بە مێژووی ڕووداو گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکانی نەتەوەکەی، هەرچەندە لە قۆناغە بەرایییەکانی خوێندنی بنەڕەتی و ئامادەیی لە چوارچێوەی بابەتەکانی خوێندنی زمانی کوردی و مێژوو و جوگرافیاو زانستی کۆمەڵایەتیدا زانیاری لەبارەی فەرهەنگ و کولتووری کوردی بەشێوەی سەرە بابەتی سادەو تەوەری جیاواز جیاواز پێشکەشکراوە بەڵام بەهۆی سروشتی خوێندن لەو قۆناغانەدا قوتابی ئەوەندەی ئەم بابەتانە وەک ئەرکی ڕۆژانەو ئەزبەرکردنی بابەتەکان دەبینێتەوە ئەوەندە وەک سەرچاوەی زانیاری سوودبەخش و پڕ بەها نابینێتەوە، یاخود ناتوانێت لە کاری ڕۆژانەیدا بەشێوەیەکی مەیدانیانەو کردەییانە سوودی لێ ببینێت، بۆیەش ئەم زانیارییانەی بۆماوەیەکی کورت لە یادگەو هزریدا دەمێنێتەوەو پاشان هەموو شتێک لەبیر دەکات.<br><br>بەهۆی ئەوەی لە ئاستی خوێندنی باڵادا پێویستە قوتابی خۆی بەدوای زانیاری و سەرچاوەدا وێڵ بێت و مامۆستا تەنها وەک ئاسانکارو ڕێنیشاندەر یاوەری بکات، بۆیەش گرنگی خوێندنی کوردۆلۆجی لەم قۆناغەدا پێدەنێتە ئاستێکی تری زانیاری کە ئەوانیش بریتین لە وردبوونەوەی زیاتری بابەتە ئەدەبی و زمانەوانی و مێژووییەکان، بەرچاوڕوونی و خستەڕووی کانگاو سەرچاوەی پێویست، وروژاندنی پرسیارو گفتوگۆ لەبارەی فەرهەنگ و ئەدەبیاتی کوردییەوە، ئاشنابوون بە کەڵە ئەدیبان و پێشەنگەکانی زمانی کوردی و سەرەتای مێژووی سیاسی و نەتەوەیی کوردی.<br><br>باسێکی دیکەی بابەتی کوردۆلۆجی و مافی مرۆڤ بریتییە لە خوێندنی مافەکانی مرۆڤ و |

| | |
|---|---|
| | جینۆسایدو یەکسانی جێندەری. فێرکردن و زانینی مافەکانی مرۆڤ هەنگاوێکی بنەڕێتییە لە پێناوی پەرەپێدانی کولتوری مافی مرۆڤدا، پەرەپێدانی کولتوری مافی مرۆڤیش دەبێتە هۆی بەرەوژووربردنی ئاستی ئازادی و ئاسایش و ئاشتی لە هەرێمی کوردستاندا، هەتا ئاگاداری و زانیاری خوێندکاران لەبارەی مافەکانیانەوە قوڵترو زیاتر بێ، هەوڵدان بە مەبەستی وەدەستهێنانی ئەو مافانەو خەبات لە دژی پێشێلکەان و زەوتکەران لایان زۆرتر دەبێ و مەیلی دژە ئینسانی و توندوتیژی کاڵ دەبێتەوە. هەروەها خوێندنی مافەکانی مرۆڤ دەبێتە هۆی دەوڵەمەندکردنی کولتوری ڕێزلێنان لە ماف و ئازادییە ئینسانییەکان لای خوێندکار، ئاگاداربوون لە ڕەوشی مافی مرۆڤ و ئازادییەکان لە جیهاندا یەکەم هەنگاوی فێرکردن و گرنگترین ئامرازی پێشگرتنە لە پێشێلکاری گەورە بەرامبەر مافەکانی مرۆڤ. هەربۆیەش فێرکردنی مافەکانی مرۆڤ بۆ برەوپێدانی شێوەکانی فێرکردنی عەقلانی و سیستەماتیکی وەک پێویستییەکی گرنگ بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هۆکارە کولتوری و کۆمەڵایەتی و ئابوری و فەرهەنگی و سیاسی و ئایینەکان کە وەک ڕیشەی توندوتیژی و ڕێزنەگرتن لە مافە بنەرەتییەکانی مرۆڤ سەیر دەکرێ.<br><br>هەروەها خوێندنی بابەتی جینۆساید بە گشتی و پاکتاوی ڕەگەزی کورد بەتایبەتی و یەکسانی جێندەری کولتوری لێبوردەیی لەنێو خوێندکاراندا برەو پێدەدات و یارمەتییان دەدات لە کاریگەری نێگەتیڤی پەرگیری نەتەوەیی و ڕەگەزپەرستی و ناوچەیی خۆیان بەدوور بگرن و توانای بڕیاردانی سەربەخۆو بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانەو بەڵگەهێنانەوەی داهێنەرانە لەخۆیاندا گەشە پێبدەن. |
| **Course objectives** | ١ .ئاشناکردنی قوتابیان بە سەرچاوەکانی کوردناسی و ڕۆڵی کوردناسەکان و گروپە کوردناسەکان لە تۆمارکردنی زانیاری و بابەتە کولتوری و فەرهەنگییەکانی نەتەوەی کورددا.<br>٢ . پێشکەشکردنی زانیاری و ئاشناکردنی قوتابیان بە ڕیشەی زمانی کوردی و زارو شێوەزارەکانی زمانی کوردی.<br>٣ . ناساندنی قوتابیان بە بنچینەو ژانرەکانی ئەدەبی کوردی و چەند شاعیرێکی کلاسیک و هاوچەرخ.<br>٤ .ئاشناکردنی قوتابیان بە سروشتی خاک و جوگرافیای کوردستان و مێژووی بزوتنەوەو ڕاپەڕین و میرنشینە کوردییەکان.<br>٥ .ئاشناکردنی خوێندکاران بە ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکان لەبارەی مافی مرۆڤ و مافە مەدەنی و سیاسییەکان.<br>٦ .ئاشناکردنی قوتابیان بە بابەتی جینۆسیاد بە گشتی و پاکتاوی ڕەگەزی گەلی کوردو |

| | |
|---|---|
| | پەلاماری ئەنفال بۆ سەر کورد بەتایبەتی.<br>٧.ئاشناکردنی قوتابیان بە بابەتی جێندەرو بەرزکردنەوەی ئاستی هوشیارییان لەبارەی یەکسانی جێندەری و ڕێزگرتن لە ڕەگەزی بەرامبەرو باوەڕبوون بە کەسایەتی و ماف و لێوەشاوەییان. |
| **Student's obligation** | ١.ئامادەکردن و پێشکەشکردنی سیمینار لەبارەی بابەتی پەیوەندیدار بە کوردۆلۆجی و مافی مرۆڤ و جینۆسایدو یەکسانی جێندەری.<br>٢.ئامادەکردنی ڕاپۆرت لەبارەی بابەت و ناونیشانی جیاواز جیاواز بە کوردۆلۆجی و مافی مرۆڤ و جینۆسایدو یەکسانی جێندەری.<br>٣.ئامادەکردنی وتارو دارشتنی تایبەت بە بابەتی بە کوردۆلۆجی و مافی مرۆڤ و جینۆسایدو یەکسانی جێندەری.<br>٤.جێبەجێکردنی ئەو ئەرک و Homework انەی کە لە ماوەی وەرزەکەدا پێی ڕادەسپێردرێت.<br>٥.بەشداری ڕۆژانەی لە پۆلدا لە ڕێگەی خستەڕووی پرسیارو گفتوگۆوە<br>٦.وەڵامدانەوەو ئامادەباشی بۆ هەر تاقیکردنەوەیەکی لەناکاو Quiz لە ماوەی وەرزی خوێندندا. |
| **Required Learning Materials** | ١.ئامادەکردنی پاوەرپۆینت وپیشاندانی بە داتاشۆو ڕوونکردنەوەی ناوەرۆکی بابەتەکان<br>٢.پیشاندانی ڤیدیۆو وێنەی پەیوەندیدار<br>٣.پێشکەشکردنی سیمیناری ڕۆژانە لەلایەن خوێندکاران بەشێوەی گروپ و لەماوەی دە خولەکدا.<br>٤.وروژاندنی پرسیارو گفتوگو لەنێو پۆلدا.<br>٥.خوێندنەوەو چاوخشاندن بە سەرچاوەو زانیاری بەسوودو پەیوەندیدار. |

**Evaluation**

| Task | | Weight (Marks) | Due Week | Relevant Learning Outcome |
|---|---|---|---|---|
| Paper Review | | | | |
| Assignments | Homework | 10 | 2-6 | |
| | Class Activity | 2 | 1-12 | |
| | Report | 8 | 7 | |
| | Seminar | 8 | 9 | |
| | Essay | | | |
| | Project | | | |
| Quiz | | 8 | 5-6 | |
| Lab. | | | | |
| Midterm Exam | | 24 | 8 | |
| Final Exam | | 40 | 12 | |
| Total | | 100 | | |

| | |
|---|---|
| **Specific learning outcome:** | ١.ئاشنابوون بە فەرهەنگ و کەلەپورو مێژوو و ئەدەبیاتی کوردی بەشێوەیەکی بابەتیانە.<br>٢.دروستبوونی هوشیاری لەبارەی دیالێکتەکانی زمانی کوردی و زمانی ستانداری کوردی |

| | |
|---|---|
| | ٣ .فێربوون دەربارەی سنوری کوردستان و پەیماننامەو دابەشکارییە نێودەوڵەتییەکان<br>٤ . زانیاری لەبارەی ڕێکەوتننامەو جاڕنامە نێودەوڵەتییەکان لەبارەی مافەکانی مرۆڤ و مافە مەدەنی و سیاسییەکان و دروستکردنی دیدێکی ڕەخنەگرانە لەبارەیانەوە .<br>٥ .ڕێزگرتن لە مافە بنەڕەتییەکانی مرۆڤ و تێگەیشتن لە ئازادی ڕادەربڕین و ئایین و سەربەخۆیی دادگاو هوشیاری ناتوندوتیژی.<br>٦ .تێگەیشتنێکی رەخنەگرانە لە چەمکی جینۆسایدو پاکتاوی ڕەگەزی و دادپەروەری.<br>٧ .فێربوونی بابەتی یەکسانی جێندەری و ڕێزگرتن لە پرەنسیپ و بنەما سەرەکییەکانی ئەو چەمکە . |
| **Course References:** | **سەرچاوە بنەڕەتییەکان**<br>١ .شەرەفنامە، میر شەرەفخانی بدلیسی، وەرگێڕانی، مامۆستا هەژار، ٢٠٠٦<br>٢ .گەشتنامەی ریچ بۆ کوردستان، کلودیوس جێمس ریچ، وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە، محەمەد حەمەباقی، ٢٠٠٢<br>٣ .ڤلادیمیر ف .مینۆرسکی ڕۆژهەڵاتناس نووسینەکانی لەبارەی کورد لە سەردەمی ئیسلامەتی تا سەرهەڵدانی خەلافەتی عوسمانی، تارق محەمەد عەدولڕەحیم، وەرگێڕانی، ئازاد عوبێد ساڵح، ٢٠٠٨<br>٤ .زمانی کوردی دابەشبوونی جوگرافی دیالێکتەکانی، فوئاد حمە خورشید، ١٩٨٥<br>٥ . نەژادی کورد، ئۆ.ل .ڤیلچێڤسکی، ڕەشاد میران، 2000<br>٦ .چەند دۆکیۆمێنتێکی نێودەوڵەتی لەبارەی مافەکانی مرۆڤەوە، بەرگی یەکەم، وەرگێرانی، قادر وریا، ٢٠٠٦<br>٧ .ڕێکەوتننامەی لەناوبردنی هەموو جۆرە جوداکارییەک لە دژی ئافرەتان، وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە د .ناصح قەرەداخی، ١٩٩٩<br>٨ .مێژووی ئەدەبی کوردی، مارف خەزنەدار، ٧ بەرگ، ٢٠٠١-٢٠٠٦<br>٩ . کورد لە مێژووی دراوسێکانید+سیاحەتنامەی ئەولیا چەلەبی، ئەولیا چەلەبی، وەرگێڕانی، سەعید ناکام، ١٩٧٩<br>١٠ جینۆساید لە عێراقداو پەلاماری ئەنفال بۆ سەر کورد، میدڵ ئیست وۆچ، وەرگێڕانی محەمەد حەمەساڵح تۆفیق، ٢٠٠٤<br>١١. دوو ساڵ لە کوردستان، دابلیۆ. ئار. هێی، حاکمی سیاسی هەولێر لە سەردەمی داگیرکاری بەریتانیادا، ٢٠١٦<br><br>**سەرچاوە سوودبەخشەکان**<br>١ .دیوانی نالی، مەلا عبدالکریم مدرس و فاتح مەلا کەریم، 1976<br>٢ .مێژووی ئەدەبی کوردی- علاءالدین سجادی |

| | |
|---|---|
| | ٣.بنەما تیۆرییەکانی جوگرافیای عەسکەری کوردستانی باشوور، خەبات عبدالله، 2005<br>٤. ئەدەبیاتی نوێی کوردی، عزالدین مصطفى رسول، 1990<br>٥.ئاناباس، گزنفۆن، وەرگێڕانی لە یۆنانییەوە، عەلی فەتحی، ٢٠١٣<br>٦.پاکتاوی ڕەگەزی لەنێوان ساڵەکانی ٢٠٠٠ و ٢٠٠١دا و هەولە هەنوکەییەکان بۆ بەرەنگاربوونەوەی، دلێر سەلیم، ٢٠٠٢<br><br>**ماڵپەڕی ئەلیکترۆنی**<br>https://www.ohchr.org/EN/pages/home.aspx<br>http://www.historyofkurd.com/<br>https://kurdishstudiesnetwork.net/people/<br>http://kurdish.humanities.manchester.ac.uk/database-of-kurdish-dialects/<br>http://kurdishacademy.org/<br>http://kurdistanica.com/<br>https://www.institutkurde.org/en/<br>https://www.kurd.org/<br>http://home.hum.uva.nl/oz/leezenberg/<br>http://www.kurdish-academy.com/index.php<br>http://www.arsivakurd.org/<br>https://www.derwaze.net/<br>http://www.kurdilit.net/?lang=en<br>http://www.orhanpamuk.net/<br>http://www.bachtyar.com/<br>http://burhanyassin.com/ |

| Course topics (Theory) | Week | Learning Outcome |
|---|---|---|
| کوردناسی (مانای زاراوەی کوردۆلۆجی، پێناسەی کوردناسی، گروپە کوردناسەکان، سەرچاوەکانی کوردناسی)<br>مافی مرۆڤ (چەمکی مافی مرۆڤ، پێناسە، مێژووی مافی مرۆڤ، سەرهەڵدان و پێشکەوتنی چەمکی مافی مرۆڤ، ڕێکەوتننامە نێودەوڵەتییەکان) | 1 | ١.ئاشنابوون بە زاراوەی کوردۆلۆجی و ناسینی کوردناسەکان.<br>٢.ئاشنابوون بە چەمکی مافەکانی مرۆڤ و مێژووی گەشەسەندنی مافەکانی مرۆڤ. |
| شەرەفنامە (شەرەفخانی بەدلیسی، بابەت و ناوەرۆکە سەرەکییەکانی شەرەفنامە، وەرگێرانی شەرەفنامە)<br>جارنامەی جیهانی مافەکانی مرۆڤ | 2 | ١.ئاشنابوون بە شەرەفنامە وەک گرنگترین سەرچاوەی کوردناسی.<br>٢.زانینی ناوەرۆکی جارنامەی جیهانی مافەکانی مرۆڤ. |
| گەشتنامەکانی کوردناسی (کوردستان لە سەفەرنامەی بیانیدا، | 3 | ١.ئاشنابوون بە گرنگترین گەشتنامەو |

| | | |
|---|---|---|
| سەفەرنامەکانی کوردناسی لە چەشنی سیاحەتنامەو گەشتی ریچ.<br>٢.زانینی ناوەرۆکی ماددەکانی ڕێکەوتننامەی مافە مەدەنی و سیاسییەکان. | | پێناسەی گەشتنامە، سیاحەتنامەی ئەولیا چەلەبی، گەشتی ریچ بۆ کوردستان، سەفەرنامەی ژان ئۆتەر)<br>ڕێککەوتننامەی نێودەولەتی مافە مەدەنی و سیاسییەکان |
| ١.ئاشنابوون بە ڕەگوڕیشەی زمانی کوردی و دیالێکتەکانی زمانی کوردی.<br>٢.ئاشنابوون بە ناوەرۆکی بەندو دەقە گرنگەکانی نێو ڕێکەوتنماەی سیداو. | 4 | زمانی کوردی (زمانی کوردی لە نەخشەی زمانەکانی جیهاندا، کورتە مێژووییەکی زمانی کوردی، کۆمەڵە زمانی هیندۆئەورووپی و هیندۆئێرانی، دیالێکتەکانی زمانی کوردی، هۆکارەکانی پەیدابوونی دیالێکتەکانی زمانی کوردی)<br>ڕێکەوتننامەی لەناوبردنی هەموو جۆرە جوداکارییەک لە دژی ئافرەتان (سیداو) |
| ١.ئاشنابوون بە جۆرەکانی ڕێنووسی کوردی و زانینی بابەتەکانی خاڵبەندی و زمانی ستانداردی کوردی.<br>٢.ئاشنابوون بە ناوەرۆک و مادده گرنگەکانی ڕێکەوتننامەی مافەکانی منداڵ. | 5 | ڕێنووسی کوردی (جۆرەکانی ئەلفوبێی کوردی، ئەلفوبێی عەرەبی-لاتینی-کریلک، خاڵبەندی پراکتیکی، زمانی ستانداردی کوردی، هەنگاوەکانی بونیادنانی زمانی ستانداردی کوردی)<br>ڕێکەوتننامەی مافەکانی منداڵ. |
| ١.ئاشنابوون بە مێژووی ئەدەبیاتی کوردی و چۆنیەتی گەشەکردنی.<br>٢.دروستکردنی تێگەیشتنێکی ڕەخنەگرانە لە چەمکی جینۆسایدو پاکتاوی ڕەگەزی. | 6 | ئەدەب (پێناسە، ڕەگەزەکانی ئەدەب، مێژووی گەشەسەندنی ئەدەبی کوردی، قۆناغەکانی ئەدەبی کوردی)<br>جینۆساید و پاکتاوی ڕەگەزی (مێژوو و چەمک و پێناسە، ئامانجەکانی جینۆساید) |
| ١.ئاشنابوون بە جۆرەکانی ئەدەبی کوردی و ژانرەکانی ئەدەب وەک ڕۆمان و چیرۆک و شیعرو کورتەچیرۆک و نامەی ئەدەبی و شانۆنامە..تاد.<br>٢.زانینی ڕێکەوتننامەی قەدەغەکردن و سزادان لەسەر جینۆساید. | 7 | ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی، ئەدەبی نووسراوی کوردی، ژانرەکانی ئەدەبی کوردی<br>شێوازەکانی جینۆساید (ڕێکەوتننامەی قەدەغەکردن و سزادان لەسەر جینۆساید) |
| ١.ئاشنابوون بە فەرهەنگی شیعری شاعیرانی کلاسیک و مۆدێرن و هاوچەرخی کوردی.<br>٢.زانینی مێژووی جینۆسایدی گەلی کوردو هۆکارەکانی پاکتاوی ڕەگەزی و کارەساتە مرۆیی و سیاسییەکانی نموونە دیارەکانی پاکتاوکردنی کورد. | 8 | پێناسەو پێکهاتەی شیعری کوردی (جۆرەکانی شیعر، نموونەی شیعری مەلای جزیری، مەولەوی، نالی، ئەحمەدی خانی، گۆران، شیعری بەختیار عەلی)<br>جینۆساید و پاکتاوی ڕەگەزی میللەتی کورد (پەلاماری ئەنفال بۆ سەر کورد، ئایدیای بەعسیزم و شاڵاوەکانی ئەنفال، کیمیاباران، جینۆسایدی یەزیدییەکان) |
| ١.ئاشنابوون بە جوگرافیاو سنوری کوردستانی گەورەو کوردستانی باشور. | 9 | جوگرافیای کوردستان (سنوری کوردستان، تۆپۆگرافیای کوردستان، باشوری کوردستان) |

| | | |
|---|---|---|
| ٢.زانینی کاریگەرییە نەرێنییەکانی ئەنفال و کیمیاباران و جینۆسایدی یەزیدییەکان لەڕووی مرۆیی و سیاسی و کۆمەڵایەتییەوە. | | کاریگەرییەکانی ئەنفال لەڕووی مرۆیی-ئابوری-ژینگەیی، هەوڵەکانی جینۆسایدی کورد لەسەر ئاستی ناوخۆو نێودەوڵەتی |
| ١.ئاشنابوون بە کورتەیەک لە مێژووی دێرینی کوردو کوردستان و پەیماننامە و وێستگە سیاسییەکانی پێش سەدەی بیست و سەرەتای سەدەی بیستەم.<br>٢.ئاشنابوون بە چەمک و پێناسەو تیۆرەکانی جێندەرو یەکسانی جێندەری. | 10 | کورتەیەک لەبارەی مێژوو و نەژادی کورد ( کورد لە چاخەکانی دێرین و ناوەڕاست و نوێدا، دەوڵەتی میدیا، پەیمانی سیڤەر، پەیمانی لۆزان)<br>جێندەر (چەمک و پێناسەو تیۆرەکانی جێندەر) |
| ١.ئاشنابوون بە گرنگترین حکومەت و فەرمانڕەواو میرنشینە کوردییەکان و پێگەی سیاسی و ناوچەیی ئەو ئەزموونانە.<br>٢.زانینی بارودۆخ و پێگەی ئافرەتی کوردو یەکسانی جێندەری لە کۆمەڵگای کوردیدا. | 11 | حکومەت و میرنشینە کوردییەکان (ئەردەڵان، بابان، بۆتان) پێگەی ئافرەتی کورد لە مێژوودا، یەکسانی جێندەری لەنێو کۆمەڵگای سیاسی و کۆمەڵایەتی کوردیدا |
| ١.ئاشنابوون بە گرنگترین سەرهەڵدان و بزوتنەوە چەکداری و ڕاپەڕینەکانی کورد دژی ستەمکاری و ڕژێمە ستەمکارەکان<br>٢.فێربوونی تێگەیشتنێکی قوڵتر بۆ بابەتی یەکسانی جێندەرو جێندەرناسی لەڕووی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابورییەوە. | 12 | شۆڕش و ڕاپەڕینەکانی کورد (شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری، شێخ عەبدولسەلام بارزانی، شێخ مەحمودی نەمر، شێخ سەعیدی پیران، کۆماری مەهاباد، شۆرشی ئەیلول و نوێ، ڕاپەڕینی بەهاری ١٩٩١)<br>جێندەرو خێزان، جێندەرو کولتور، جێندەرو سیاسەت، جێندەرو ئابوری |

## Questions Example Design

**کۆردۆلۆجی (٢٤ نمرە)**

**پ١. ئەم بۆشاییانەی خوارەوە پڕ بکەرەوە**

**١.شەرەفخانی بەدلیسی لە ساڵی__________ دەستدەکات بە نووسینی شەرەفنامەو لە ڕێکەوتی ________لە نووسینی شەرەفنامە تەواو دەبێت و لەلایەن__________ لە زمانی____________یەوە وەردەگێڕدرێتە سەر زمانی کوردی و بۆ یەکەمجار لە ساڵی____________ چاپ و بڵاودەکرێتەوە.**

**٢.کلۆدیۆس جەیمس ڕیچ گەشتنامەکەی خۆی لە ساڵی__________نووسیوەو لەلایەن ___________لەژێر ناونیشانی____________ وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی کوردی و لە دوو بەرگ پێکهاتووەو بەشی زۆری کتێبەکەی بۆ میرنشینی__________ و __________تەرخانکردووە.**

**١٠ نمرە**

پ٢. وەڵامی ئەمانەی خوارەوە بە کورتی بدەوە

١.پێناسەی گەشتنامە بکەو ناونیشانی چوار سەفەرنامەی کوردناسی بهێنەوە.

٢.شەرەفنامە پێناسە بکەو بابەت و باسە سەرەکییەکانی بژمێرە

٧ نمرە

پ٣. زمانی کوردی دابەش دەبێتە سەر چەند دیالێکت؟ هەر دیالێکتکیش دەبێتە چەند شێوەزار؟ وەڵامەکەت بە هێلکارییەوە ڕوون بکەرەوە.

٧ نمرە

**مافی مرۆڤ (١٦ نمرە)**

پ٤. گرنگترین ئەو ڕووداوانەی کە ڕاستەوخۆ کاریگەرییان لەسەر گەشەسەندنی چەمکی مافەکانی مرۆڤ هەبووە باس بکە.

٨ نمرە

پ٥ . شاڵاوی ئەنفال بۆ سەر کورد پێناسە بکەو بە وردی لەسەر دادگای باڵای تاوانەکانی عیراق بدوێ.

٨ نمرە

## Extra notes:

## External Evaluator

م.دانا تحسین محمد-پسپۆڕی لە زمانی کوردی، زانکۆی سەڵاحەددین

dana.mohammed@su.edu.krd